عێراق و تورکیا لەبارەی پێکهێنانی لیژنەیەکی گومرگی هاوبەش بە بەرزکردنەوەی هاوکارییە بازرگانییەکان رێکەوتن

-ئەمە چوارشەممە، عێراق و تورکیا ڕێککەوتن لەباری پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی گومرگی عێراقی تورکی لە چوارچێوەی هەوڵەکان بە بەرزکردنەوەی هاوکارییەکانی نێوان دەسەڵاتی گومرگی هەردوو وڵات، بە شداریکردن لە پرۆپۆدانی پێوەندییە بازرگانییەکان و ئاسانکاریکردن بە گواستنەوەی کاڵاکان لە دەروازە سنوورییەکان.

بایەزخانەی عێراق لە ئەنقەرە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: ئەو ڕێککەوتنە لە میانی کبوونەوەیەکدا بوو کە لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بەڕێوەچوو، بە سەرکایەتی سامی عەبدولحسێن ئازی ئاوەژکاری سەرۆك وەزیرانی عێراق بە دەروازە سنوورییەکان و گومرگی و گواستنەوە، و سیزای ئەچارماك بریکاری وەزیری بازرگانی تورکیا، لە کبوونەوەکەدا هەردوولا باسیان لە میکانیزمەکانی باشترکردنی کارایی کارکردن لە دەروازە سنوورییەکان و پرۆپۆدانی هاوکاری گومرگی کرد.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە: لە کبوونەوەکەدا باس لە ڕێگاکانی ئاسانکاریکردنی ڕێوتی بازرگانی و زیادکردنی توانای دەروازەکان و پشتگیریکردنی پڕۆژەکانی ژێرخانی پێویست بە بازرگانی و ترانزیتی دوولایەنە کراوە.

ڕونیشیکردەوە: هەردوولا پابەندبوونیان بە زیادکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە 30 ملیار دۆلار

و بەرزکردنەوەی وەبەرهێنانی هاوبەش و فراوانکردنی بوارەکانی هاوکاری لەگەڵی پێژەی ڕێگای گەشەپێدان و دامەزراندنی دەروازەی گومرگی نوێ دووپاتکردەوە.